# ڤیستیڤالی بەدرخان لق و پۆپی لێدەبێتەوە
# حاڵی میدیای کوردی لە 109یەمین سالوەگەڕی رۆژنامەگەریدا

**کاوە عەبدولکەریم**

**ماموستای زانکۆ-هەولێر**

لە سەروبەندی 109یەمین سالیادی رۆژنامەگەری کوردیدا، ناوەندی سیاسیو رۆژنامەگەری کوردی ، بە کەسایەتیە حیزبیو حکومیو رێکخراوە بەناو سەربەخۆو ناسەربەخۆکان و کەسایەتیە ئازادو نا ئازادەکانەوە ، خەریکی خۆ ئامادەکردن و سەفەرکردنن بۆ بەرلین ، بۆ ئەوەی بەژداری لەم یادەدا بکەن. دەسەلاٌتی کوردی لە رێگەی ئەم ڤیستیڤاڵەوە مەبەستیەتی بە هەموو پارچەکانی کوردستان و جیهانیش رابگەیەنێ کە حاڵی میدیای کوردی لە کوردستانی باشووری سەر بە عێراق زۆر باشەو هیچ گرفتێکی نیە . ئەوەی لەم بەشەی کوردستان نەژیابێو سەروکارێکی لەگەڵ رۆژنامەگەریو میدیادا نەبێ لەوانەیە بڕوا بکا ، کەسانێکیش لەوانەیە باش لە بارودۆخەکە بگەن بەلاٌم خۆیان لە گێلی بدەن.

رۆژنامەگەری کوردی ، بەم زۆریوبۆرییەوە، قەت ئەوەندە بێ سەروبەرو پەرتەوازەو شپرزە نەبووە . ئەمڕۆ ئەم بوارەش وەکو هەموو بوارەکانی تری ژیان بە تەواوەتی کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاٌت و حیزبەوە. ئەمەش حالٌەتێکی ئەوەندە نادروست و نا وازەیە مەگەر تەنها لە ئەدەبیاتی دەسەلاٌتە دیکتاتۆریەکاندا بوونی هەبێ.

خەڵکانێك لەوانەیە بپرسن ئەدی ئەوە نیە رۆژنامەو گۆڤاری ئەهلی و سایتی ئەلیکترۆنی سەربەخۆ لەم بەشەی کوردستاندا هەن و بە ئازادی پەیامەکانی خۆیان بلاٌو دەکەنەوە. بەڵێ ئەمە راستە، بەلاٌم ئەوانیش پێویستە پۆڵین بکرێنو لێك جیا بکرێنەوە. ئەوانیش یان لە ژێرەوە سەر بە حیزبەکانن, و لەلایەن خۆیانەوە بە ناوی سەربەخۆیی و ئازادییەوە دامەزراون,یانیش ئەگەر بەڕاستی سەربەخۆبن ئەوا بە ناچاری لە زۆربەی حالٌەتەکاندا سازش دەکەن و خۆیان لە هەواڵ و بابەتی زۆر گرنگ لادەدەن .

ڕۆژنامەگەری حزبی ئەمڕۆ باڵی ڕەشی خۆی بە سەر هەموو کونجێکی ئەم وولاٌتە داخستووە , بەشێوەیەك کە بواری هەناسە دانی بۆ تاك تاکە کەناڵەکانیش نەهێشتۆتەوە کە دەیانەوێ بە ئاراستەیەکی جیاواز کاربکەن حاڵی ئەو تاك تاکە ڕۆژنامەنووسانەی لە دەرەوەی دەسەلاٌت کاردەکەن , لە ڕووی مەعنەوی و ماددیەوە, ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت .هەر بۆیە ئەوانیش بەشێکیان دەستیان بە سازشکردن کردووە و لە ئاست پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و ناعەدالیەتەکان گوێیان کەڕ کردووە و لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە ئەمڕۆ لە یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردیدا سەندیکای رۆژنامەنووسان لەلایەك و کۆمەڵە ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسێکی سوودمەند لەم واقیعە گەندەڵەی کوردستان خەریکی گرێدانی ڤیستیڤاڵن لە هەولێر ,. دەبێ ئەم برادەرانە نەزانن کە ڤیستیڤاڵەکەیان شێوەیەکی کارتۆنی بەخۆوە گرتووە و لاساییکردنەوەی ئەوانەی پێش خۆیانە و هیچ ئیزافەیەك ناکات . 22ی‌نیسان سالانە لە سەر ئاستی حکومی و حیزبی دەقۆزێتەوە و ڤیستیڤاڵی پڕ لە باق و بریقی ئەم یادە ساڵ بە ساڵ قەبە و گەورەتر دەبێت و بودجەی گەورەتری {لە پارەی خەڵك}بۆ تەرخاندەکرێت .لە هەولێرەوە دەچێتە دهۆك و لەوێش دەچێتەوە سلێمانی و تا دواجار دەگاتە بەرلین . کەسایەتی واش بۆ ئەم باسە داوەت دەکرێت کە فرێ بەسەر ڕۆژنامەوانیدا نیە و بەڵکو ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەنگەری دژی ڕۆژنامەگەری کوردی بووە ,ڕۆژنامەنووسە ئازاد و ماندووەکانیش لە بیر دەکرێن و کەس حیسابیشیان بۆ ناکات .لێرەدا خەڵك هەقی ئەوەیان هەیە بپرسن کێ ئەوەی دەستنیشان کردووە ببنە میراتگری بەدرخانیەکان و ڕۆژنامەگەری کوردی؟ کێ ئێوەی تەخویل کردووە کە ئەم هەموو پارەیە لە موڵکی خەڵکی کوردستان خەرج بکەن؟ بە چ هەقێك پارەی خەڵك لە داوەتکردنی کەسانی گەندەڵ و فایلدار بە فیڕۆ دەدەن .تەنانەت ئەو کەسە ڕابردوو پاك و ڕۆژێك لە ڕۆژان بە هەڵوێستانەی کە بەژداری دەکەن نازانن شەرعیەت بەم جۆرە ڤیستیڤالانە دەدەن و دەکرێنە

**واجیهە . ئەدی ئێوە ئاگاتان لە وە نیە چەند ڕۆژێك پێش ئەم ڤیستیڤالآنە لە كوردستان ڕۆژنامەنووس داركاری كراوە و لە زیندان توندكراوە!؟ لەكاتێكدا ڕۆژنامەی كوردستان ,هەرچەندە لە غەریبی دەردەچوو و بە هەوڵ و كۆششی بنەماڵەیەكی دەربەدەر و بێ یارمەتی حكومەت و حیزب هاتە بلآوكردنەوە و ڕۆژنامەیەكی ئازاد و سەربەخۆ بوو جێگەی نووسین و ئاراستە جیاوازەكانی تیادا دەبۆوە. ئەمڕۆ لە كوردستان پاش 109 ساڵ نەك تەنها ڕۆژنامەی لەم بابەتە زۆر كەمە، بەڵكو كۆنفرانس و كۆبوونەوەش لەسەر دەمكوتكردن و سانسۆركردنی ڕۆژنامە ئەهلی و سایتە ئەلیكترۆنیەكان دەبەسترێت. پێموایە ئەم جۆرە ڤیستیڤالآنە شاردنەوەی حاڵی خراپ و پەرەتەوازەو بێ سەرو بەری ڕۆژنامەگەری كوردییە.**